# هەناسەکانی هاوڵاتی و هەڵۆسوورەکانی کوردستانی نوێ

کاوه ئەمین

له ژماره (١٢٦) هاوڵاتیدا، ئاسۆس هەردی لە وتارێکی ڕەخنەئامێزدا، قسەی سەدان هەزار کوردی کردووە، داخوازی سەدان هەزار کوردی خستۆتە پێش چاوی دەسەڵاتدارن و پێیان دەڵێت: گۆڕانکاری. هەڵبەت وەنەبێت ئەوە تەنها ئاسۆس هەردی بێت کە ئەم سڕەی کەشف کردبێت بەڵکو دەیان ساڵە سەدان وتاری وا نووسراون بەڵام لەدوجاردا کراونەتە لوولەی گولبەڕۆژە. بەڵام پێدەچێت وتارەکەی ئاسۆس یانیش سەردەمەکە کە سەردەمی گۆڕانکارییە جا بەخۆشی بێت یان بە خوایشت کاری خۆی کردبێت، بۆیە نووسەرانی کوردستانی نوێ بە جوملە هاتونەتە دەنگ و ئاسۆس و ڕۆژنامەی هاوڵاتیان داوەتە بەر خۆشابەختانە دەستریژی وشە. یەکێک لە یاساکانی چاپەمەنی وڵاتانی دیموکرات ئەوەیە کە نابێت کەس هەستی کەس بەناهەق بریندار بکات و کەرامەتی کەسێک بڕوشێنێت، دەنا ئەو کەسە مافی خۆیەتی لە دادگا دیفاع لە خۆی بکات. بۆ نموونە ماوەیەک لەمەو پێش لە وڵاتی سوێد ڕۆژنامەی ئێکسپرێس لە لاپەڕەی یەکەمی خۆیدا بە گەورەی نویسبووی کە گودرون شیمان سەرۆکی ئەوکاتەی پارتی چەپ لە فیلێکی ئێرۆتیکیدا بازی دەکات. گودرون خان ئەو هەواڵەی بە درۆخستەوە و ڕۆژنامەکەی دا بە دادگا، و پارەیەکی باشیشی وەرگرت لە پای ئەو هەواڵە درۆیەدا کە بۆی هەڵبەسترابوو.

مرۆڤ کاتێک ئەو وتاری ئاسۆس دەخوێنێتەوە جگە لە ڕاستی هیچ شتێکی تری کە هەستی کەسێک یان گرووپێک بریندار بکات نابینێت، ئەوانەی کە ئەو باسی کردوون بە زیادیشەوە لە کوردستاندا ڕویان داوە، لە دابەشکردنی حوکوومەت و پەرلەمانەوە هەتا بەناهەق ڕژاندی خوێنی هەزاران مرۆڤی کورد جا ئەو مرۆڤانە حیزبی بووبن یان نا، هیچ لە تاوانەکە کەم ناکاتەوە. داگیرکردنی ماڵی یەکتری و شاربەدەرکردن و تەنانەت بەکۆمەڵ کوشتنیش لە سەردەمی دوای ڕاپەڕین ڕویان داوە، داڵدەدانی جاش و خەڵکانی بەعسی، چ ئەوسا و چ ئێستا درێژەی هەیە. ئاودیوکردن و تاڵانکردن تائێستاش درێژەیە هەیە. ئەوە حوکوومەتی کوردستانە کە بەرپرسیارە نەک ڕۆژنامەنووس و ڕۆژنامەکان. هێنانی بەرەی تورکومانی بۆ سلێمانی و دابەشکردنی زەویوزار بەسەریاندا، حوکوومەتی کوردستان کردوویەتی نەک خەڵکی تر. دەسەڵاتداران باش دەزانن چیان کردووە لە کوردستاندا بۆیە پێویست بە ڕیزکردن و لیستە دروستکردن نییە.

کاتێک دەسەڵاتدارانی کوردستان دەکەونە ژێر ڕەحمەتی ڕەخنە و نارەزایەتییەوە، خێرا لەپەنای کێل و گۆڕ و جامانەی شەهیدە سەربەرزەکانی کوردستاندا خۆیان حەشار دەدەن، ئەوەتا هەم ئازاد جوندیانی و هەمیش جەمال عەبدوڵە پەنایان بۆ شەهیدە سەربەرزەکانی کوردستان لەوانەش شەهید جەباری حاجی ڕەشید بردووە، کە زۆر ناشیانە دەیانەوێت بڵێن مادەم شەهیدەمان هەیە دەبێت مۆنیکا و نازنم چی و چیشمان هەبێت، ئەوتا جەمال عەبدوڵە دەڵێت " ئەمانە بکەیت بە ژێر لچ و لێوەوەو وای نیشان بدەیت کە دەسەڵات تەنها ئەڤەلۆن هێن و دزی هەیە و جەباری حاجی ڕەشیدی نییە!" (کوردستانی نوێ ڕۆژی ٢٢/ ٢٠٠٣/٦، لاپەڕە ٦) .

ئایا لەو هەموو خێر و بێرەی کوردستان کە ١٢ ساڵە دەیخۆن، چەندتان بە ماڵی شەهیدەکانتان داوە؟ ئایا کام پارت و حکوومەتی کوردستانەکان هاتن بە بێ جیاوازی موچە بۆ ماڵی شەهیدەکان دابین بکەن کە مافێکی ڕەوای خۆیانە. من دەپرسم پارتی یانیش یەکێتی ڕۆژێک لە ڕۆژان هاتوون یارمەتیەک ئەگەر ڕەمزیش بێت بە شەهیدەکانی یەکتری بدەن؟ کام ڕاگەیاندی حیزب هات کاروانی شەهیدانی بۆ شەهیدێکی

www.kurdistannet.org

**تری حیزبێکی تر کرد؟ تەنانەت گوند هەیە شەهیدی هەر دوو لاو بگرە چەند لایەنێکی تێدایە، بەڵام کاتێک باسی شەهیدەکانی ئەو گوندە دەکرێت، ناوی شەهیدی حیزبەکەی خۆیان نەبێت نایبەن؟ بەڵگەشم هەیە بۆ قسەکانم.**

**پاشان ئەوە کام مەنتقە کە دەڵێت مادەم ئێمە پێشمەرگە بووین و شەهیدمان داوە، ئیتر نابێت کەسی تر قسە بکات، دەنا چۆن کاک ئازاد جوندیانی بە ئاسۆس هەردی دەڵێت: لێ خورە دەشتە. ئەگەر چی من هیچ کام لە ئەندامانی ماڵی مامۆستا هەردی ناناسم، بەڵام دەتوانم بڵێم ئەوان کە لە پەنجاکانەوە لە خەتێکی قەومیا کاریان کردووە و کوردستانی بوون و عێراق چی نەبوون ئەوە بۆ خۆی شەرەفێکی گەورەیە بۆیان.**

**کاک ئازاد و کاک جەمال دیارە لە ناوێهنای "مارێتر" قەڵس بوون، ئەمەش وەکو جلە تازەکانی قەیسەر وایە کە هیچی لەبەردا نەبوو بەڵام هەموو خەڵک چەپڵەیان لێدەدا و هاواریان دەکرد ئایا لەو جلە جوانانە، هەتا منداڵێک قەوماندی و وتی ئەوە چییە خۆ قەیسەر جلی لەبەردا نییە! ئێ خۆ هەموو کەس دەزانێت کە لە ژێر فشار یانیش بەنەسیحەتی ئەمریکا باج و گومرگ و سەیتەرە و یەکگرتنەوەی حوکوومەتەکان و یەکخستەنەوەی هێزی پێشمەرگە کە بە ساڵان سەنگەریان لەیەکگرتبوو، دەکرێن. دەنا، بە ئازادیەکەی کوردستانی نوێ سوێندتان دەدەم بۆ پێش ڕوخانی عێراق و هاتنی مارێترەکان نەتانکرد؟ ئەی کە ژنانی کورد مەشیان بەڕێخست و لە سلێمانیەوە بۆ هەولێر بۆ کەس گوێی بۆ ڕانەدێران. باشە بۆ ١٠ ساڵە لە سلێمانی ئالای کوردستان نەدەشەکایەوە؟ دەیان و سەدان بۆ بۆ، کە خەڵک بۆیان هەیە بپرسن؟**

**ئەگەر دەشتانەوێت لەسەر شۆڕشی نوێ و کۆنی گەلەکەمان زیاتر شت بزانن، بفەرموون، بیرەوەریەکانی کاک نەوشیروان و کاک حەمەی حاجی مەحمود، کاک ئەحمەد بانیخێڵانی و کاک پشکۆ نەجمەدین و گفتووگۆ لەگەڵ کاک ئیبراهیم ئەحمەد و چێشتی مجەوری مام هەژار و نێهنیەکانی عیسا پەژمان و کتێبەکەی کاک مەسعود لەسەر شۆڕشی ئەیلوول بخوێننەوە، ڕەنگە ئیتر کەس نەوێرێت لە ژێر ناوی شەهیدان دا خۆی وەشارێت، دەنا ئەوانیش درەنگ یان زوو دێنە زمان.**

**دوا وشەشم بۆ هەڵۆسورەکانی کوردستانی نوێ ئەوەیە، ئەرێ بەڕاست تا ئێستا بەوشەیەک ڕەخنەتان لە ئەمریکا و مارێترەکانی گرتووە، کاتێک ڕۆژنامەکانی باشووری کوردستان دەخوێنیتەوە، هەموو وەکو دەنگی کوردی ئەمریکا قسەدەکەن و کەدەڵێن سەرۆک بوش و یەکپارچەیی خاکی عێراق وەکو ئەو هەموو شەهیدەمان بۆ سەرۆک بوش و یەکپارچەی خاکی عێراق دابێت، عێراقێک کە هەزاران کوردی ئەنفال کردبێت بۆ ئەوە دەبێت سەروەرێتیەکەی بپارێزیت یانیش بیخەیتە ژێر بێ؟**

تێبینی کوردستان نێت:

ئەم نووسینە بیروبۆچونی خاوەنەکەیەت، کوردستان نێت لە ناوەڕۆکەکەی بەرپرسیار نییە.